لەم ژمارەیەدا
ل٣ دکتۆر سەعید مەلا بۆ "ڕۆژی گەل" دەدوێ
ل٤ هاوسەرگیری لەرێگەی ئینتەرنێتەوە
ل٥ گەندەڵی لەنێوان بەرنامە رێژی و هەرەمەکیدا
ل٦ بازرگانیکردن بە منداڵان شێوازێکی ترسناکە

رۆژی گەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٤٣) یەکشەممە ٢٠٠٦/٣/٥

## لانی کەم هەرێمێکی فیدراڵی لە ٣ پارێزگای باشووری عێراق پێکدەهێنرێ

دوای ئەوەی هێزە سوننیەکانی عێراق مەرجی بەشداربوونیان لـەپێکهێنانی حکومـەت بۆ ئـەوە گێڕایەوە کـە دەبـێ شیعەکان واز لەبیرۆکـەی فیـدراڵی بـۆ باشـووری بهێـنن، ( محەمـەد ئـەلوائیلی) پارێزگاری بەسرە بەمیدیاکانی راگەیاند کە لانی کەم هەرسـێ پارێزگـای بەسـرە، ناسـرییەو عـەمارە لەسەر پێکهێنانی هەرێمێکی فیدرالی لەباشووری عێراق سوورن‌و بۆ ئەم مەبەسـتەش کـاری هاوبـەش دەکەن. پارێزگاری بەسرە دەڵێ: پێویستە بە زووترین کات حکومەتی نوێ پێکبهێنـرێ‌و سیسـتەمی فیـدراڵی پێـڕەو بکـرێ‌و فیـدراڵی باشـووریش ببـێ بـە دیفـاکتۆ، چـونکە ئەمـە خواسـتێکی ڕەوای دانیشـتووانی پارێزگـەکانی باشـوورەوە نـاکرێ لەبەرانبـەر هەڕەشـەو گوڕەشـەکانی دیترانـدا وازی لێبێنین‌و خۆمانی لێ دووربخەینەوە. پارێزگاری بەسرە دووپاتی کردۆتەوە ئەگەر فیدرالیەتی باشوور لەلایەن حکومەتـەوە ڕێگـەی لـێ بگـیرێ، ئـەوە ئـەو سـێ پارێزگایـە یەکلایەنـەو لەلایـەن خۆیانـەوە پێکیدەهێنن.

# کوردستان لەقەیرانی سووتەمەنی بێدەنگە،

# مالیزییەکان دژ بە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی خۆپیشاندان دەکەن

ماوەیەکـە قـەیرانی سـووتەمەنی هـەرێمی کوردسـتان‌و وڵاتـی عێراقـی گرتۆتـەوە، نرخـی لیترێـك بـەنزین گەیشتۆتە هـەزار دینـار، نرخـی لیترێك نەوت ٧٥٠ دینارو نرخـی بتڵێك غـازیش بووە ٣٠هەزار دینار. کاربەدەستان خەم ساردی لەچارەسـەرکردنی کێشـەکە دەکەن‌و راشکاوانە رایدەگەیەنن کە بەم زووانە چارەسەر ناکرێ. ئەوەی شیاوی باسـە ماوەیـەك لەمەوبـەر حکومـەتی عێـراق بەرێژەی پێنج بەرانبـەر نرخـی فـەرمی بـەنزین‌و سـووتەمەنیەکانی دیکەی بـەرز کـردەوە. بەمـەش قـەیران سـەری هەڵـداو خـەڵکی هـەژارو کـەم دەرامـەتی وە زاڵـە هێنـا، بـەڵام جـەماوەری کوردسـتان و عێـراق بـە دەگمـەن نـەبێ پـەنا بـۆ خۆپێشاندان‌و رێپێـوان نابـەن. جـەماوەر چـاوەڕوانە قەیرانەکـە خۆبـەخۆ چارەسـەر بکـرێ، بـەڵام جـەماوەری مالیزیـا پێچـەوانەی خـەڵکی کوردستان‌و عێـراق لەبەرانبـەر بەرزبوونـەوەی نرخـی سـووتەمەنی دەسـتیان بەخۆپێشـاندان کـرد. بـە گـوێرەی هـەواڵی رۆیتـەرز رۆژی هـەینی ٢٠٠٦/٣/٣ بە هەزاران کەس لـە خـەڵکی کولالامپوری پێتـەختی ئـەو وڵاتـە رژانـە سەرشـەقامەکان‌و دەسـتیان بەخۆپێشـاندان کـردو لەبەرانبـەر بەرزبوونـەوەی نرخـی سـووتەمەنی نارەزاییان دەربڕی‌و داوایان لەحکومـەت کرد کە دەبێ دەستبەجێ رێگەچارەیەك بـۆ قـەیرانی سـووتەمەنی بدۆزێتـەوەو نرخـی سـووتەمەنی دابەزێنێتـەوە. خۆپێشـاندەران راشـکاوانە رایانگەیانـد کە بەرزبوونەوەی نرخ کاریگەری نەرێنی لەسـەر ژیـانی خـەڵکی کـەم دەرامـەت‌و هەژارانی وڵات دادەنـێ. ئـەوەی شـیاوی باسە حکومەتی مالیزیا بڕیاری داوە کە بیسـت لـە سـەدا نرخـی بـەنزین‌و سـووتەمەنی بەرزبکاتـەوە، بـەڵام جەماوەر ئەو بڕیارە بە ناڕەوا دادەنێن‌و ناڕەزایی دەردەبڕن.

### ئەنقەرە هەڕەشە

## لەبەشداربووانی کۆنفرانسی ئیستانبول دەکات

بڕیـار وایـە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١١ کۆنفرانسـێك لەسـەر پرسـی کـوردان لەژێر نـاوی (پرسـی تورکیـاو کـوردو گەڕان بەدوای چارەسەرێکی سڤیل‌و دیموکراتیانە) لـە زانسـتگەی زانینی ئیسـتەمبول بەرێوەدەچـێ. بـە گـوێرەی راگیاندنـە بەراییـەکان ژمارەیـەکی زۆر رۆژنامـەنووس‌و پەرلـەمانتارو ئەکادیمیست‌و وەزیرو سـەرۆکی چـەندین پـارتی سیاسـی تێیـدا بەشـدار دەبـن، بـەڵام هـەر لەئێسـتاوە دەزگـای سـیخوری‌و هـەواڵگری تورکیـا (میـت) لەرێگـەی تایبەتـەوە هەڕەشـەنامە ئاراسـتەی ئەو کەسانە دەکات کە بڕیار وایە بەشـداری لـەو کۆنفرانسـەدا بکـەن. لەلایەکی دیکەشەوە میدیاکانی سەر بـە دەوڵـەتی تورکیـا شـاڵاوێکی بـەرفراوانی ناوزڕانـدن‌و سـوکایەتی پێکردنیـان بەرانبـەر بـەو کەسـانە دەسـت پێکـردووە کـە دەزانـرێ لەکۆنفرانسەکەدا بەشداری دەکـەن، بـەڵام وەك زانـراوە ئامادەکـارانی کۆنفرانسەکە سوورن لەسـەر ئـەوەی کـە کۆنفرانسـەکە لـەکات‌و شـوێنی دیـاریکراوی خـۆی بەرێوەبچـێت‌و راشکاوانە رایانگەیاندووە لەپێناو بـە ئـەنجام گەیانـدنی کـارێکی مـرۆڤ دۆسـتانەو نیشـتیمان پەروەرانـەو برایانـە لەهەڕەشـە جۆراوجۆرەکـان ناترسن‌و ئـەوەی لەدەستیشیان بـێ بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێکی رەوای کێشەکانی تورکیا درێغی ناکەن.

## رۆژفۆ

سەرئەنجام بەرێز تاڵەبانی سەرکۆماری عێـراق بـەر لەهـەموان پـیلان‌و مەترسـیەکانی جەعفـەری خوێنـدەوەو لـە ڕۆنکردنەوەیەکدا سـەفەرەکەی ئەوی بۆ تورکیا بەبێ بنەماو نـاڕەوا ناسـاندا. جەعفـەریش وەك ناسیومانە هەرگیز دان بـە هەڵـەکانی خـۆی دانـانێ‌و ئامـادە نـابێ راستیان بکاتـەوە، لەئەنقەرەوە بەرلەوەی بەرەو بەغداد بگەڕێتەوە بەرسڤی ڕۆنکردنەوەکـەی سـەرکۆماری دایـەوەو سـەفەرەکەی بـەڕەواو سـەرکەوتووانە نرخانـدو دووپاتیشـی لەسـەر ئـەو رێککەوتنانـە کـردەوە کـە لـەو سـەفەرەدا واژۆ کراوبوون. سێ مەبەستی سەفەرەکەی جەعفەری بریتی بوون لەدۆزینەوەی رێگەچارە بۆ وەدەرنان‌و هەبوونی گـەریلاکانی پەکەکـە، هاوهەڵوێستی بـۆ هەڵپەساردنی رەوشی کەرکوك‌و نەگێڕانەوەی بۆ سەر هـەرێمی کوردسـتان، دارشتنی پلانێکی هاوبەش کە بتوانێ رێگە لەپارچـەبوون‌و هەڵوەشـانەوەی عێـراق بگـرێ. ئـەوەی بـە وردییـەوە هەرسـێ مەبەسـتەکەی جەعفـەری‌و ئەردوگان شرۆڤە بکات، یەکسەر تێدەگات کە ئەو سەفەرەو ئەو رێککەوتنە بۆ دژایەتی نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە.

هاوپەیمانی کوردستان‌و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کـە بـەدەنگی خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە پەرلـەمانی عێـراق دەبـێ هـەر لەئێسـتاوە لەبەرانبـەر متمانـەدان بـە جەعفـەری هەڵوێسـتە بکـەن‌و ئـەو رێککەوتنانـە هەڵوەشێننەوە کە هـەردوو لیسـتی هاوپـەیمانی کوردستان‌و ئیئتـیلاف بـۆ پێکهێنـانی حکومـەت لەسـەری رێککـەوتوون. ئەگـەر پەرلـەمانتارانی کوردستان لەبەراییەوە پلان‌و بەرنامەی ٤ ساڵەی جەعفـەری نەخوێننـەوەو لێـی دڵنیـا نـەبن، بـۆ داهـاتوو گـران تـەواو دەبـێ. کارەسـاتێکی گەورەیـە لەخۆڕاوە ئەو متمانەیە کە گەلی کوردستان بـەوانیان داوە لـەئاوێی بکـەن. جەعفەری‌و رەوتی سەدرو تورکمانەکانی سەر بە دەوڵـەتی تورکیـاو رژێمـی ئەنقەرە دوژمنایەتی خۆیان لەبەرانبـەر خواسـت‌و مـاف‌و ئازادیـەکانی گـەلی کوردسـتان خۆیـا کـردووە، لێ بەداخـەوە هێـزە سیاسیەکانی کوردستان‌و سـەرکردەکانیان لەبـەر بەهەنـد وەرگـرتنـی رەوشـی هـەرێمی‌و جیهـانی بـە خشـکەیی خۆیـان لـەو راسـتیانە دەشـارنەوەو نایانـەوێ گـەلی کوردسـتان لەوردەکاریەکان ئاگاداربێ‌و سەرتاپای ئەگەرەکان بخوێنێتەوە. کورد دەبێ لەئێسـتاوە خـۆی بـۆ قۆنـاغی داهـاتوو ئامـادە بکـات. قۆنـاغی داهـاتوو لەدەسـتەلاتدارێتی تاکرەوانـەی جەعفـەری‌و هەڕەشـەکانی رەوتـی سـەدرو پیلانە ژەهراویەکانی حکومەتی ئەنقەرە چڕ دەبێتەوە، ئەگەر ئامادەکاری‌و خوێندنـەوەی پێشـوەختی بـۆ نـەکرێ، لەوانەیـە ئاینـدە کارەکـانی بزاڤـی رزگاریخوازی کوردستان‌و خواستەکانی گەل گران‌و سـەنگینتر بکاتـەوە. با لەئێستاوە ئەو کارتە زەردەی کە سەرکۆمار بە جەعفەری پێشانی داوە، بۆ کارتی سووری وەدەرنان بگۆڕدرێ‌و لێبڕوانە بۆ دوورخستنەوەی جەعفـەری کار بکرێ. گەلی کوردستان بۆ ئەوە خەباتی نەکردووە کە دوای رووخانـدنی دیکتاتۆرێکی تـاکڕەو پشـتیوانی لـەتاکڕەوێکی توونـدڕەوتر بکـات‌و رێگـەی بەهێزبوونی بۆ خۆش بکات. با لەئێسـتاوە هـەوومان بەیـەك دەنـگ بڵـێین نەخێر بۆ تاکڕەوێتی‌و توندڕەوی، نەخێر بۆ ئیبراهیم جەعفەری پیلانچن.

## لەمەو بەدوا دامەزراوە نەوتیەکانی عێراق‌و سعودی وەبەر پەلامار دەکەون



بـە گـوێرەی بەیاننامەیـەکی رێکخـراوی قاعیـدە رۆژنامـەی ئـەهرامی مسـر بڵاویکردۆتـەوە داوا لەئەندامانی ئەو رێکخراوە کراوە کـە لەمـەو بـەدوا پـەلاماری دامـەزراوە نەوتیـەکانی عێـراق‌و عەرەبسـتانی سعودی بدەن. بەیاننامەکە نەوت بە سەرچاوەی ئابووری عێراق‌و سعودی دادەنـێ‌و پێیوایـە کـە زیـان گەیانـدن بەدامـەزراوە نەوتیـەکان کاریگـەری لەسـەر ئـابووری ئـەمریکاو هاوپەیمانـەکانی دەبێـت، هەربۆیـە داوا لەشـەڕڤانانی قاعیـدە کـردووە چالاکیەکانیان لەسەر ئەو دامـەزراوە چـڕ بکەنـەوە. وێـڕای ئـەوەی لەبەیاننامەکـەدا پـەلاماردانی دامەزراوە نەوتیەکانی ئەو دوو وڵاتـە جەختیان لەسـەر کراوەتـەوە، بـەڵام داواشی کردووە کە لـەزیان گەیانـدن بـە بـیرە نەوتیـەکان خۆیـان بـەدوور بگـرن تـا بۆیـان دەکـرێ زیـان بـیرە نەوتیەکان نەگەیەنن.

## مانگا شێتە بۆ ئەوروپا هاتەوە



ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣ کۆمیسـیۆنی ئـەوروپا پشـت راستی کـردەوە کـە جـارێکی دیکەش نەخۆشی مانگا شێتە لەئـەوروپادا سـەری هەڵداوەتـەوە. کۆمیسـیۆنەکە رایگەیانـد کـە مانگایـەکی تەمـەن ١٢ سـاڵان لـەوڵاتی سوید دووچاری ئەو نەخۆشیە بـووە. دوای پشـکنین، پزیشـکان نەخۆشـیەکەیان دۆزیوەتـەوە بڕیاریانـداوە کـە سەری مانگاکە ببڕدرێ. سوید تاکە وڵاتێکی ئەوروپایـە کـە بـەردەوام ئازمایشـی ئـاژەڵ‌و مانگاکـانی خـۆی دەکـات‌و چـاودێری تـەواو لەبەرهەمەکانی شیری دەکات، بـەڵام دۆزینـەوەی ئـەم نەخۆشـیە وڵاتـی سـوید ڕووبـەڕووی مەترسـییەکی گـەورە دەکاتـەوەو کاریگـەری لەسـەر داهـات‌و بەرهەمـەکانی شـیری دادەنـێ. چـاودێران سـەرهەڵدانەوەی نەخۆشـی مانگـا شـێتە بەکارەسـاتێکی ترسـناك دادەنـێن، چونکە تـا ئێسـتا نەخۆشـی ئینفلـوەنزای باڵنـدە چارەسەر نـەکراوە کەچـی نەخۆشـی مانگا شـێتە لەدەرگەی جیهانی داوەتەوە.

## تورکیا : کوردەکان رووبەرووی پۆلیس دەبنەوە

ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢ لەشاری نوسەیبین لەپێکـدادان‌و تێکهەڵچـوونێك لـەنێوان خۆپیشـاندەران‌و هێزەکـانی ئاسایشـی تورکیا ڕوویدا. کاتێك تـەرمی ژمارەیـەك کـورد کـە هـەڵگری ناسـنامەی سـوریا بوون‌و لـە شـاری دیاربەکر بـە دەسـتی پۆلیسەوە کوژرابوون، بە بنەماڵـەکانیان دەدرانـەوە تێکهەڵچـوون لـەنێوان خۆپیشـاندەران‌و هێزێکـی پۆلیسـی تورکیا ڕوویدا. بە گوێرەی هەواڵـەکان زیـاتر لـە ١٥٠٠ کـورد بـۆ نـاڕەزایی دەربـڕین سـەبارەت بـە کـوژرانی ئـەو کوردانە رێپێوانیان کردو دژ بە بکوژانی قوربانیـەکان هوتافیـان دەکێشـا، هێزەکـان‌و پـۆلیس‌و ئاسـایش گـازی فرمێسـك رێـژیان لـەدژیان بـەکارهێنا، بـەڵام خۆپیشـاندەران رق ئەسـتوورتر پـەلاماری هێزەکـانی ئاسایشـیاندا لەئەنجامـدا زیـاتر لـە ٦ پـۆلیس بریندار‌بوون‌و رەوانەی نەخۆشخانە کران کە برینـی دووانیـان سـەختەو مەترسـی مردنیان لێ دەکرێ.




## دیاردەیەکی دەگمەن

هەواڵـەکان رایانگەیانـد کـە ئـافرەتێکی تەمـەن ٦٢ سـاڵ بـەناوی (جـانیس) دانیشـتووی ویلایـەتی کالیفۆرنیـا بـە نەشـتەرگەری لەنەخۆشـخانەدا منـداڵی بـووەو تەندروستیشی زۆر باشە. بەم شێوەیە دەبێتـە خـاوەن دوازدە کـوڕو بیسـت نەوە. نەوەکانیشی سێ منداڵیان هەیە. هەرچـەندە دوایـین منـداڵ بـە رێگـەی نەشتەرگەری هاتۆتە دنیاوە، بـەڵام زۆر بەئاسـاییی‌و بـێ گیروگرفـت بـووە. جـانیس دووچـاری نەخۆشـی شـەکرە هاتبوو، کاتێ زانـرا بـاردارە خزمـەکانی ترسێکی زۆریان لێنیشت‌و لەو باوەڕەدا نـەبوون کـە بەسـەلامەتی دەربچێت.



دوایـین منـداڵی جـانیس بـەناوی (ئـادەم)ەوە نـاونراوەو تەندروستیشـی زۆر باشە.